# له: ئوسامه بین لادنەوە، بۆ: مەلا عومەر

ئەلان کولیسۆن   له ئەڵمانییەوە: یوسف ساڵح

### لەسەر هارد دیسکێک کە لە کابول کڕرابوو ڕۆژنامەوانێکی ئەمەریکی ئیمەیلەکانی ئەلقائدە دەدۆزێتەوە: پلانەکانی دوای 11ی سێپتەمبەر دەخەنەڕوو، هەروەها ناکۆکی لەسەر پارەی مۆبایل.

له پایزی 2001دا وەک زۆربەی ڕۆژنامەوانەکانی تر چووم بۆ باکووری ئەفگانستان، بۆ ئەوەی دەربارەی ئەو جەنگەی لەلایەن ئەمریکاوە دژ بە تالیبان بەرپاکراوە بنووسم. لەکاتی لێخورین بەناوچەی هیندوکوشدا سەفەرەکەم گۆرانێکی چاوەڕوان لێنەکراوی وەرگرت: پیکابەکەی کە بە کرێمگرتبوو، بە ڕێگایەکدا بەرەوخواردەبووەوە، کوتوپڕ ئیستۆپەکەی لەکارکەوت، بەو جۆرەی بەرەو ئوتومبیلێکی تەنکیئاو ڕۆشت و بەلادا کەوت. شتەکانم لەوناوە پرژوبڵاوبوونەوە یان لەژێر تایەی پیکابەکاماندا تێکشکاند.

لەوانەی لەناو پیکابەکەدا بوون ـ ڕۆژنامەوانێکی ژاپۆنی، دوو زمان وەرگێڕی ئەفگانی، شۆفێرەکە و مێرمنداڵێکی پێ پەتی، کە لەسەرەوە دانیشتبوو شوشەی پێشەوەی پیکابەکەی لە تەپوتپز پاکدەکردەوە ـ کەس بەسەختی بریندار نەبوو. تەنها وەرگێڕەکەم نەبێت، ئەفگانیەک کە رووسی دەزانی، دەستی بە لایەکییەوە گرتوبوو دەیگوت، شتێک لە پەراسووەکانیدا شکاوە. برینەکانی خۆمان پێچایەوەو سواری لۆریەک بووین، کە بە فیشەکی کلاشینکۆف بارکرابوو. پرسیارم لە وەرگێڕەکەم کرد چی لەناو پەراسووەکانیدا شکاوە. لاپتۆپەکەم بوو، کە ئەو لەبەر پاراستنی هەمیشە لەباوەشیا هەڵیدەگرت. من هەستام و لاپتۆپەکەم لە جانتا ڕەشەکەدا دەرهێنا و بینیم کە سکرینەکەی شکاوە. لە هەفتەکانی داهاتوودا ڕیپۆرتاژەکانم بە پێنووسێکی وشک دەنووسی لەبەر تیشکی مۆم و بە تەلەفۆنی ساتەلایت دەمدا بە دەستەی نووسەران.

بەتەواوی بێ چاوەڕوانکردن ئەم بەدئەنجامییە بوو بە چیرۆکێکی پرمانا.کاتێ کە لە تیشرینی یەکەمی 2001دا ڕژێمی تالیبان ئەوەندەیان نەمابوو بروخێن، من بەپەلە لەگەڵ چەند ڕۆژنامەوانێکی تردا بارەو کابول ڕۆشتین. بۆئەوەی دەربارەی ئازادکردنی پایتەخت هەواڵ بڵاوبکەینەوە. دەگەڕاین بەو ماڵانەی کە ئەندامە عەرەبەکانی ئەلقاعدە تیایا نیشتەجێ بووبوون، وە هەموو ئەو بەڵگەنامانەمان لەگەڵ خۆمان برد کە لەوێ دۆزیمانەوە. لەوێ کە من دەمویست لاپتۆپێک بکڕم، دەستم کرد بە گەڕان بەدوای فرۆشیارێکدا. بۆ تالیبانەکان کە تەلەڤزیۆن و کۆللارە شتێکی نائیسلامی بوون و قەدەغەی کردبوون، بێگومان کۆمپیوتەریش کاری شەیتان بوون. لە بازاڕ ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی رووسیم دۆزییەوە، بەڵام کۆمپیوتەرێک فرۆشیاری کەلوپەلی ئەلەکترۆنی لەژێیانیدا نەیدیبوو.



یەکەم فرۆشیاری کۆمپیوتەرم لە دوکانێکی بچوکدا دۆزیەوە نزیک باخچەی شار. کابرا بێ کۆمپیوتەر کاریدەکرد، چونکە وەکو وتی ئەوەندە پارەی نییە بۆ کڕینی کۆمپیوتەرێک. وا خۆی گیف دەکردەوە پسپۆڕی کۆمپیوتەری هێڵی هەوای ئەفگانستان { *ئاریانا*} بێت، منیش پێی سەرسام بووم ـ تا بۆمدەرکەوت کە *ئاریانا* تەنها یەک کۆمپیوتەر و تەنها یەک فرۆکەی هەبووە. کابرا باسی فرۆشیارێکی تری بۆکردم، کە لە خانوویەکی نزیک ئەوەوە وانەی کۆمپیوتەری دەدا. بە ناو پلیکانەیەکی تاریک و خوار وە هۆڵێکی تەپوتۆزاویدا گەیشتمە نووسینگەیەکی درێژکۆلە، قەنەفەیەکی شڕ و مێزێک، کە کۆمپیوتەرێکی لەسەربوو، تێدابوو. ئەم کابرایەی تر باسیکرد، کە چاککردنەوەی کۆمپیوتەرەکانی تالیبان و

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

عەرەبەکانی ئەلقاعیدەی لەئەستۆداووە. من لاپتۆپە شکاوەکەم لەبیر چوو وە کابرام ڕاسپارد بەدوای ئەو کۆمپیوتەرانەدا بگەڕێت. لەکۆتایدا برمی بۆ لای زێڕینگەرێک، کە نیمچە نەخوێندەوارێک بوو، چاوەکانی زۆر لەیەکەوە دووربوون و وەک بلێیت برسێتیەک بۆ زنجیری ئاڵتون. ئەمە ئەو پیاوە بوو کە لە دێسەمبەری 2001دا دوو کۆمپیوتەری زۆر بەنرخی ئەلقاعیدەی بە 1100 دۆلار پێفرۆشتم ـ یەک 40GB-IBM دێسکتۆپ و یەک کۆمپاک ـ لاپتۆپ، کە ئەو لە 12ی نۆڤەمبەردا، شەوی گرتنی شارەکە، لە خانووی سەرەکی ئەلقاعدە دزیبووی. بەو پارەیە دەیویست بچێت بۆ ئەمەریکا و دۆستایەتی ژنانی ئەمەریکی بکات.

## CIA دەستدەوەشێنێت

لە شەوێکدا ئەندامانی بەرزی تالیبان بە خۆیان و سامانیانەوە لە شار هەڵاتن. لەو بۆچوونەی کە کەسانی ئەلقاعیدەیش هەڵهاتبن، فرۆشیاری کۆمپیوتەرەکەشم بەسەر دیواری بنکەی سەرەکی ئەلقاعیدەدا سەرکەوتبوو. کاتێ لەوێ کەسێکی نەدۆزیبووەوە، هەر دوو کۆمپیوتەرەکەی لەگەڵ خۆیدا بردبوو، کە لە قاتی یەکەمی خانووەکەدا بەرچاوی کەوتبوون. وتی لەسەر دەرگای ژوورەکە ناوی موحەمەد عاتیف نوسرابوو ـ لێپرسراوی سەربازی ئەلقاعدە و ستراتێژی یەکەمی 11ی سێپتەمبەر: هەمو ڕۆژێک عاتیف ئەم لاپتۆپەی لەگەڵ خۆی بۆ نووسینگەکەی دەهێنا. دزەکە دەیزانی کە سامانێکی چاکی دۆزیوەتەوە.

ئەمەش بۆ سەربازانی ئەمەریکا ئاشکرابوو، کاتێ زانرا، من لەوێ چیم دەستکەوتووە. نووسینگەی ڕێداکسیۆنی وۆڵ ستریت ژورنال *Wall Street Journal*. یەکسەر بەرامبەر وۆڵ ترەید سەنتەر بوو، لە لێدانەکەی 11ی سێپتەمبەردا ڕوخابوو. لە ڕێداکسیۆنەکەی نیویۆرکماندا، کە لە کۆنە خانێکی مانهاتنی خواروودا کاریدەکرد، مەترسی ئەگەری لێدانی تر لە ئارادابوو. لەو بۆچوونەوە، کە کۆمپیوتەرەکان دەتوانن لەم بارەیەوە زانیاریان تیا بدۆزرێتەوە، بنکەی کۆماندۆی ئەمریکا US Central Command ئاگادارکرابووەوە، لەبەرئەمەش سێ ئەژێنتی CIA لە ئوتێلەکەمدا لە کابول بەدوامدا دەگەڕان، کە دەیانویست هەرلەوێدا کۆمپیوتەرەکان ببەن. تەنها کاتی ئەوەم هەبوو ناواخنی دێسکتۆپی کۆمپیوتەرەکان کۆپی بکەم. لاپتۆپەکەی عاتیف دوای دوو مانگ لالایەن ئەژێنتێکەوە بەناوی بێرت لە واشینگتۆن لەسەر شەقامێک بە ژۆژی ڕووناک درایەوەدەستم. بە بڕوای CIA هاردیسکەکەی نزیکەی بەتاڵ بوو، بەڵام من هەرگیز باوەڕم بەمە نەبوو.

وەک دەرکەوت، دێسکتۆپەکە بەشێوەیەکی سەرەکی لەلایەن ئەیمان ئەلزەواهیرییەوە، ناودارترین جێگری ئوسامە بین لادن، بەکارهێنرابوو. لەسەر هاردیسکەکە هەزارەها زانیاری هەبوون، کە دەگەڕانەوە تا ساڵانی 1977یش. زۆریان تەنها بە پاسۆرد دەکرانەوە یان کلیلدرابوون، زۆربەیان بە عەرەبی بوون، هەندێکیان بە فەرەنسی، فارسی یان ئینگلیزی، وە سیستێمێکی ئاڵۆز و بازنەیی کۆدی وشەکانیان دەردەخست. لە ساڵێک زۆرتر لەگەڵ چەند وەرگێڕێکدا و هاوڕێیەکم ئەاندرێیۆ هیگینز کارم لە تێکستەکاندا کرد و لەگەڵ دەیان کۆنە موجاهیدیندا گفتوگۆم کرد بۆئەوەی دەرک بەو نووسراوانە بکەم.

لەکۆتاییدا دیمەنێکی سەرسوڕهێنەر خۆی بۆ دەرخستین لە ژیانی ڕۆژانەی ستراتێژە سەرەکێکانی ئەلقاعیدە، کە هەموو لە داڕشتنی 11ی سێپتەمبەردا بەشداربووبوون وە تیایاندا چەندیان {بین لادن و ئەلزەواهیری} تا ئیمڕۆش نەگیراون. لە زانیارێکاندا خەرجیی، ئامۆژگاری فێرکردن، و ڕاپۆرت دەربارەی زانیاریدان لە ئەگەری لێدانی جێگاکان لە هەموو جیهاندا، تێدایە، جگەلەمەش دەربارەی شتی تایبەتیشە، جیاوازی بیر و بۆچوون لەبارەی ڕێکخستنەوە، باسکردنی تیۆلۆژی و گفتوگۆ لەسەر پاکانەکردن بۆ تەقینەوە خۆکوژێکان.

نووسینگەی جیهادێکان لە کابول لەلایەن براکەی ئەلزهواهیرییەوە موحەمەد بەڕێوەدەبرا، کە بەشێوەیەکی ناشی زانیارێکان لە کۆمپیوتەرەکەدا ڕێکدەخات. سیستێمەکە نەک تەنها ڕوانگەیەک لە ڕێکخراوەکە و پلانە ستراتیژییەکانی گرووپەکە دەبەخشێت بەڵکو بەشێوەیەکی سەرەتایی هەلی بەدواچوونی ڕێڕەوی 11ی سێپتەمبەر دەخاتەڕوو. بەتێکڕایی لە بابەتەکاندا لەسەر هاردیسکەکە تەواوترین شێوەی سۆسیۆلۆژی ئەلقاعیدە دەردەکەوێت، کە تائێستا بلاوکراوەتەوە.

## بە تێرۆر دژی ناکۆکییە ناوخۆێکان

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

یەکێک لە هەرە گرنگترین زانیارییەکان دەبوو ئەوەبێت، کە 11ی سێپتەمبەر دەربڕینێکی هێزداریی ئەلقاعیدە نەبوو بەڵکو زۆرتر بێهێزیی بوو. سەلماندنی بە پەیوەندیان بە ئێراقەوە یان وڵاتانی ترەوە نەبوو: نەبوونی پارە دەبووە هۆی ناکۆکی سەخت لەنێوان ئەندامەکاندا. دوژمنایەتی ناوخۆ، کە لە نووسینە ژەهراوێکاندا لە نێوان کابول و شانەکانی وڵاتانی تردا بە روونی دەردەکەون، دەبوایە بە لێدانێک دژ بە ئەمەریکا کۆتاییان پێهاتایە. سەرۆکایەتی ئەلقاعیدە دەترسا لە لێدانێکی تۆڵەکردنەوەی ئەمەریکیێکان، بەڵام لەهەمان کاتدا لەمەدا هەلێکی باشی دەبینی: لە ئەفگانستان جەنگ دژ بە سۆڤێت کرا وبە خۆشییەوە یادی ئەم بەرەنگاربوونەوەیە دەکرا، کە جیهانی ئیسلامی هێنایە لەرزین، بەوەی سەری لە بەرامبەر خوانەناسێکی سەرکەوتوو لە تەکنۆلۆژیدا بەرزبکاتەوە و بەسەریدا سەرکەوێت. جیهادێکان حسابیان بۆ ئەوە کردبوو، کە ئەمەریکێکان، بەتەواوی وەک سۆڤێتێکان، بەرامبەرێکی جوڵەنەکەر دەبن. ئەفگانستان بەیەکجاری وەکو گۆڕستانێکی خۆشییە ئیمپریالیەکانی زلهێزێک دەسەلمێنرێت.

لە 1996دا سەرۆکەکانی ئەلقاعیدە باریانکرد بۆ ئەفگانستان، دوای ئەوەی کە گروپەکە لە سودان دەرکرا. ئەیمان ئەلزەواهیری، کاتی خۆی سەرۆکی جیهادی ئیسلامی میسر بوو، هانی ئیسلامێکانی تری دەدا کە دوایانکەون. لە نامەیەکدا، کەلەسەر هاردیسکەکە بوو، ئەفگانستان وەک «دۆزەخ لەناو ئۆردوگای شێرە ڕاکشاوەکاندا» باسدەکات. بەڵام نە هەموو عەرەبەکان لەم گواستنەوەیە پێخۆشحاڵببون. ئەفگانستان دوای پتر لە دە ساڵ شەڕی ناوخۆ وداگیرکەری سۆڤێتیدا، لە بارێکی خراپدا بوو، وەک بنکەیەکی جیهانی نەگونجاویان بۆ جیهادکردن دەهاتە پێش چاو. گلەیان لە دەست نەکەوتنی ئازوقە و خراپی ڕێگاوبان و ئەفگانێکان خۆیان دەکرد، کە نەخوێندەوارن، خۆفرۆشن وە باوەڕیان پێناکرێت. کەسێک بە ناوی تاریق ئەنوەر، کە لە نیسانی 1998دا لە کۆبونەوەیەکی ئیسلامێکاندا لە ئەفگانستان ئامادەبووە، باسی هەڵوێستەکانی خۆی بۆ یەمەنییە هاووڵاتییەکانی دەکات.

بۆ: ئەندامانی ئەلقاعیدە لە یەمەن
لە: تاریق ئەنوەر
بەروار: نیسان 1998

سڵاوتان بۆ دەنێرم لەولای زەلکاوەکانەوە لە وڵاتە پێشکەوتوو و شارستانییەکەوە...تکایە ببورن، کە بە تەلەفۆن پەیوەندیمان پێوەنەکردن. ئەمەش هۆکاری ئەوەیە، لێرەوە ئەوەندە ئاڵۆزە تەلەفۆن بکرێت. دەبێت بە ماشین بچین بۆ شار، کە چەند هەنگاوێکی پێویستە. لەپێشدا دەبێت ماشینێک بدۆزینەوە، چونکە خۆمان نیمانە. دوای دەبێت چاوەڕوانی بکەین، ماشینەکە هەندێ جار چەند سەعاتێک پاش یان پێش کاتی دیاریکراو دێت. دوایش سەفەرەکە بۆخۆی، لەناو ماشینەکەدا وەک ماسی ناو قوتو لەیەک دەخزێین، زۆرجار یەک لەسەر هەشتی جێگاکەم بەردەکەوێت، وە ڕێگاکەش ئەوەندا خراپە. دوای ئەم هەموو دەردی سەرییە لەکۆتاییدا دەگەینە نووسینگەیەکی بچوکی ناوشار. زۆربەی جاریش گرفت هەیە، کارەبا نییە، هێڵی تەلەفۆن پچڕاوە. تەنها زۆر بەدەگمەن دەکرێت بێگرفت تەلەفۆن بکرێت.

کاتێ کە عەرەبەکان قێزیان لە ئەفگانستانی دواکەوتوو دەکردەوە ، لەلای تالیبانەکان، کە بوونی هەمیشەیی ئوسامە بین لادن لە مێدیاکاندا بووبوو بە چقڵی چاویان، شاردراوەنەبوو. لە نامەکاندا کە لەناو کۆمپیوتەرەکەدابوون، دەریدەخات کە پەیوەندی نێوان عەرەبەکان و تالیبان بەجۆرێک نابەجێیە کە زۆرکەس دەترسان لەوەی مەلا عومەر سەرۆکی تالیبانەکان لە ئەفگانستان دەریانبکات. بۆ خستنەلاوەی ئەم جیاوازییە وتووێژێک لە بەرزترین ئاستدا بەڕێوەچوو، وەکو ئەم باسکردنەی دوو ئەندامی سوری ئەلقاعیدە دەریدەخەن.[ «ئەبو عەبدوڵڵا» نازناوی بین لادنە، «ڕێپیشاندەری باوەڕکەران» بۆ مەلا عومەر بەکاردێت، کە خۆی وک سەرۆکی مێرنشینێکی ئیسلامی نوێ لە ئەفگانستان دەبینی.]

بۆ: ئوسامە بین لادن
لە: ئەبو موساب ئەلسوری و ئەبو خالید ئەلسوری
بەروار: 19 سێپتەمبەر 1999
برای هێژا ئەبو عەبدوڵڵا

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سڵاو و دڵۆڤانیی و بەرەکەتی خوات لێبێ. ئەم ڕاگەیاندنە دەربارەی گرفتی نێوان تۆ و ڕێپیشاندەری باوەڕکەرانە...
کاریگەرییەکانی ئەم کۆسپە تەنانەت لێرەش لە کابول و شوێنەکانی تر هەست پێدەکرێن. وادەردەکەوێ کە ئۆرئوگاکان دەبێت دابخرێن. بێزاریی لەگەڵ عەرەبەکاندا ئاشکرایە. گفتوگۆی دڵنیایی لەگەڵ تالیبانەکان و هەندێ لە براکانمان کە عەرەب نین ڕۆژانە دەکرێن. بەکورتی، نوێترین گرفتی براکەمان ئەبو عەبدوڵلا لەگەڵ تالیبانەکان و ڕێپیشاندەری باوڕکەران مەترسی بۆ ئێمەی عەرەب لە ئەفگانستان دەرخسێنێت. هەلێکی باشە دوژمنەکەمان ـ ئەمەریکا، ڕۆژئاوا، جولەکە، عەرەبی سعوودی، پاکستان، و بەرەی مەسعود ـ دۆستەم..هتد ـ، دژ بە عەرەبەکان بجەنگێن و لەکۆتاییدا گەرکرا بەنرخترین هاوپەیمانیان لە وڵات وەدەرنێن...بەیارمەتی براکەمان [بین لادن] دوژمنەکانمان دەگەن بە مەرامی خۆیان، بێئەوەی پەنجەیەکیشیان بجوڵێنن...بەتایبەتی جێی شانازییە بۆ من ئەو ڕوونکردنەوەیەی ئەبو عەبدوڵلا، ئەو بە قسەی ڕێپیشاندەری باوەڕکەران ناکات، کە تکای لێکردبوو، ئیتر هیچ لێدوانێک بۆ میدیاکان نەکات... لەو باوەڕەدام کە براکەمان [بین لادن] توشی میکرۆبی سکرینەکان، فلاش، لایەنگران و چەپڵە و هوتافکێشان بووە.

تەنهاڕێ بۆ چوونەدەرەوە لەم کۆسپە، کە زۆر لە کەسانی بە ئەزموون و زۆرزان لەسەری باوەڕیان وایە... ئەبو عەبدوڵلا دەبێت لەگەڵ هەندێ لە براکان بچێت بۆلای ڕێپیشاندەری باوەڕکەران و بڵێت، کە هەقیەتی ئەوەی زۆری لێدەکات لە چاوپێکەوتنەکاندا بۆ میدیاکان و لە هەڵوێستی ئاشکرا وازبهێنێت، وە کە ئێمە بەگوێرەی هێز پشتگیریی تالیبان دەکەین لە جەنگیاندا، تا ئەوکاتەی دەست بەسەر ئەفگانستاندا دەگرن... دەبێت داوای لێبوردن بکەن بۆ هەموو گرفتێک کە بەهۆتانەوە دروست بووە... وە لەبارەی باری ئەفگانستانەوە خۆتان بۆ خواست و گوێڕایەڵیی ڕێپیشاندەری باوەڕکەران تەرخان بکەن...

ئەم پەوەندییە ناسکە لەگەڵ تالیبانەکاندا بە هیچ جۆرێک کاریگەری بۆ سەر ستراتیژی گلۆبالی ئەقاعیدە نەبوو. گرووپەکە بەشێوەیەکی لەڕێژەتر لێدانە خۆکوژەرەکان وەک چەکێک دژ بە ئۆبجەکتیفە ئەمەریکێکان و ئەوانی تر لە هەموو جیهاندا بەرپادەکات. لە 7ی ئابی 1998دا، لە یەک کاتدا لێدانی بە ئۆتۆمۆبێلی مینرێژ دژ بە باڵیۆخانەی ئەمەریکا لە کێنیا و تانزانیا بەجێهێنرا، کە لەم ڕووداوەدا 220 کەس گیانیان لەدەستدا ویتر لە 4000کەس بریندواربوون. لێرەدا کە گرووپەکە لەوە دەترسا کە ژمارەیەکی ئەوەندە زۆر قوربانی لە خەڵکی سیڤیل بـبێتە هۆی ناوزڕاندنیان تەنانەت لەنێوان لایەنگرەکانیـشیاندا، لەلای پیاوە ئاینێکان دەگەڕێن بەدوای پاکانەی ئاینیی و دادگایی بۆ هەڵسەنگاندن، بۆئەوەی کوشتنی بێتاوانان حەڵاڵ بکرێت.

بۆ: نەناسراو
لە: نەناسراوەوە
بەروار: 26 سێپتەمبەر 1998
زۆر بەڕێز...
زۆر بە ساکارییەوە ئەم [ پرسیار]ەتان دەخەمە بەردەم، کە لە لێکۆڵینەوە قانوونییەکەم دەربارەی کوشتنی خەڵکی سیڤیلەوە دێتەپێشەوە. ئەمەش، وەکو دەزانن، بابەتێکی ئێجگار زۆر ناسکە، جارێ لەم ڕۆژانەدا....
دەربارەی ئەم پرسیارانەی خوارەوەیە:
1ـ چۆن ئێوە وەک لێپرسیاری گرووپی جیهادی ئیسلامی شێوەکانی قانوویی کوشتنی خەڵکی سیڤیل لێکدەدەنەوە، بەتایبەتی کوشتنی ژن و منال؟ وە تکایە هەنگاوە قانوونییەکان دەربارەی هەموو ئەوانەی، کە دەویستریت بکوژرێن، ڕوونبکەنەوە.
2ـ چۆن دەتوانرێت بە بۆچوونی ئێوە بۆ کوشتنی قوربانییە بێتاوانەکان بە بەڵگەی چەوساندنەوەوە پاکانەی بۆ بکرێت؟
3ـ چۆن لایەنگریی گرووپەکان دەکەن، کە کوشتنی خەڵکی سیڤیل، بە ژن و منالیشەوە، پشتگیری دەکات؟
لەگەڵ دوعا و خواستماندا بۆ سەرکەوتوویی و بەرقەراریی.

دەوروبەری کۆتایی ساڵانی نەوەد ئەلقاعیدە، لە ئەفگانستانەوە، دەستیکرد بە بەرپاکردنی ئۆپێراسیۆنی ئاڵۆزتر و ئازایانەتر. لەهەمان کاتدا ئاشکرابوو، کە پەیوەندییە ناوخۆێکان پێویست بوون زۆر نهێنیتر بەڕێوەبچن. گرووپەکە لە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئیمەیڵ و تەلەفۆنکردن کەوت و فاکس و نامەی بەکاردەهێنا. فایلی کۆمپیوتەرەکان چالاکییان لەمسەرتائەوسەری جیهان ئاشکرادەکەن. پەیوەندێکان بەگوێرەیَ وڵاتان ڕیزکراون. ڕاگەیاندنەکان زۆرجار کلیلدرابوون وە واتە و دەربڕین، وەکو چۆن لە ناو کۆمپانیا یەککرتووە فرەنەتەوەێکاندا باوە، وابوو. ئوسامە بین لادن هەندێ جار بە «جێگری بەڕێوەبەر [کەرتی تایبەتی]» ناودەبرا، تێرۆرکردن بە «کاسبی»، مەلا عومەر و تالیبان بە «کۆمپانیای برایانی عومەر» *omar Brothers Co.* ، خزمەت گوزاری ئاسایشی ئەمەریکێکان و ئینگلیزەکان بە «پێشبڕکێکەرە میانێکان»، هتد. ڕاگەیاندنە بە کۆد نووسراوەکانی ئەیمان ئەلزەواهیری ساڵی 1999 ئەمە دەسەلمێنن. تا چ بوارێک ئەندامانی ئەلقاعیدە لەهەموو شوێنێک لە جیهاندا دەبوایە حسابیان بۆ ڕاونان و خۆشاردنەوە بکردایە.

بۆ: ئەیمان ئەلزهواهیری
لە: نەناسراو
بەروار: 13 مایس 1999
برای خۆشەویست سەلاحەدین
... پێش چەند ڕۆژێک چل هاوڕێی جێگری بەڕێوەبەر[بین لادن] کوتوپڕ نەخۆش کەوتن [گیران] بە مەلاریا، دوای ئەوەی بروسکەیەکیان بەو شێوەیە ناردبوو، هەروەک سەلاحەدین بەتەنگەوەیە بە ناردنی [لێرە، هەمان کۆد بەکارهاتووە]. زۆربەیان خەڵکی ئێرەن [یەمەن]، دوانیان خەڵکی وڵاتەکەی جێگری بەڕێوەبەرە [عەرەبی سعوودی]...
پێمانزانی کە ئەلئەسمەر کوتوپڕ نەخۆش کەوتووەو دەبوایە ببرایە بۆ خەستەخانە [بەندیخانە]، سەرەتای حوزەیران چاوپێکەوتنی لەگەڵ پزیشکەکەی [پارێزەرەکەی] دەبێت، لەوێدا دیاریدەدات گەر هەر لەوێ چارەسەر بکرێت یان بۆ چارەسەرکردن بۆ وڵاتەکەی خۆی دەنێردرێتەوە [وادیارە میسرە، لەکوێ جیهادێکان زۆرکات ئەشکەنجە دەدران یان هەڵدەواسران]... ئوسمان چەند ڕۆژێک پێشتر تەلەفۆنیکرد، تەندرووستی باشە، بەڵام لە خەستەخانەی بەردەوامە [ لەژێر چاودێری پۆلیسدایە]. هەر کە باشتر بووەوە هەواڵ دەدات. بیری لێدەکاتەوە بۆ سەلاحەدین کاربکات [لە ئەفگانستان]، لەبەر ئەوەی لەو شوێنەی ئێستا لێیەتی ئیش کەمە.


ئەلزەواهیری: حسابە نارێکەکان


بین لادن: میکرۆبی چەپڵە و پیاهەڵدانی تووشبووە


مەلا عومەر: مەراێکانی بین لادن

لەگەڵ ڕاونایان لەلایەن پۆلیسەوە لە وڵاتانی تردا جیهادێکان توانیان لە ئەفگانستان ژیانێکی ئارام بەسەرببەرن. لە 1999دا ئەلزەواهیری بە پرۆگرامێکی نهێنییەوە خۆی خەریک کردبوو بۆ پێشخستنی چەکی کیمیاویی و بیۆلۆژی، کە لە فایلەکانی کۆمپیوتەرەکەدا بە «پرۆژەی ماست» تۆمرکرابوو. بۆ دارایەکەی تەنها دوو تا چوار هەزار دۆلار تەرخانکرابوو. ئەزهواهیری کە ئینگلیزی و فەرەنسی دەزانێت، گۆڤارە میانییە تایبەتێکانی بە پزیشکییەوە، دەخوێندەوەو کورتەیانی بۆ موحەمەد عاتیف ئامادەدەکرد:

لە: موحەمەد عاتیف
بۆ: ئەیمان ئەلزەواهیری
بەروار: 15 نیسان 1999
کتێبەکەم دیسان خوێندەوە [دەشێ دەربارەی چەکی کیمیاوی و بیۆلۆژی بێت]...بێگومان بەکەڵکە. بەتایبەتی چەند هۆکارێک دیریکراون، بۆ نموونە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

a۔ دوژمن پێش یەکەم جەنگی جیهانی بیری لە بەکارهێنانی ئەم چەکانە کردۆتەوە. هەرچەندە لەڕادەبەدەر کوشندەشن، ئێمە لەوانەوە فێربووین، کاتێ دوژمن سەرنجمانی دەربارەیان لادەدا، بەوەی هەمیشە ڕایاندەگەیاند دەتوانن بێگرفت بەو کەرەسانەی لەبەردەستایە بەرهەم بهێنرێن.

b ـ هێزی کاولکردنی ئەم چەکە بە بۆمبێکی ئەتۆمی بەراورددەکرێت.

c ـ هێرشێک بە باکتەریا زۆرجار چەند ڕۆژێک پاشتر دەزانرێت، ئەمەش ژمارەیەکی زۆر لە قوربانێکان مسۆگەردەکات

d ـ لەم جۆرە چەکانە مرۆڤ بە گرانی دەتوانێت خۆی بپارێزێت، بەتایبەتی کاتێت هەندێکی زۆر بەکاربهێنرێت...

من دەخوازم جارێکیتریش دانی پیابنێم، کە ئێمە دەبێت بەدوای پسپۆڕێکدا بگەڕێین. ئەمە خێراترین، ئاسایشترین و هەرزانترین ڕێگایە [پرۆگرامێک بۆ خستنەکاری گەشەپێدانی چەکی کیمیاوی و بیۆلۆژی]. کتێبەکە ڕێی بۆ چەند لێکۆڵینەوەیەک پیشاندام، کە من لە پەراوێزەکاندا باسیان دەکەم. لەوانەیە کەسێک بتوانێت ئەو سەرچاوانە پەیدابکات...

ئەلزەواهیری لە نێویاندا ناوی بابەتەکان لە گۆڤارەکانی Science, The Journal of Immology, The New England Journal of Medicine وە چەند کتێبێک ناودەبات وەک (Tomorrow`s Weapons 1964),( Peace or Pestilence 1949) ,( Chimical Warfare 1921) ئەو و موحەمەد عاتیف لە گەشەپێکردنی چەکێکی کیمیاویدا بەئاشکرا بە پراکتیکترین هەڵبژاردە دەبینن. لە نامە گۆڕینەوەیاندا باسدەکرێت، کە پسپۆڕ مەدحەت مورسی ئەلسەید ناسراو بە ئەبو خەتاب کێش دەکەن. هەروەها چەند نەخشەیەکی ساکاری ژوری تاقیکردنەوە دەکێشن وە بیریان دەکردەوە ڕێکخراوێکی خێربەخش دروستبکەن کە وەک ئەدرەسێکی بەرواڵەت کاری پێبکرێت. بە قسەی چەند سەرچاوەیەکی تر ئەبو خەتاب زۆر سەگی بەرەڵای لە ناوچەی تاقیکردنەوەی گازی کیمیاویدا لە ڕۆژهەڵاتی ئەفگانستاندا کوشت، بەڵام بە هیچ جۆرێک بەڵگە نییە کە ئەقاعیدە گەشەی بە توانای بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دابێت.

هەرچەندا ئەلقاعیدە ناوبانگی گروپێکی دڵڕەقی پێدرابوو، بە ئامانجێکی هاوبەش وە دەوڵەمەندی سەرۆکەکانی یەکیگرتبوو، لە فایلەکاندا وێنەیەکی تر دەبەخشن. لە ساڵەکانی پێش لێدانەکەی 11ی سێپتەمبەری 2001دا گروپەکە یەکەیەکی کراوە بوو لە چەند ڕێکخراوێک، کە دوای ئامانجی جیاجیا کەوتبوون، کە لەسەر گفتوگۆ ستراتیژێکان {هێرش بکرێتە سەر کێ ـ حوکمەتە عەرەبەکان، ئەمەریکا یان ئیسرایل؟} وە کاری ڕۆژانەی ناو نووسینگەکاندا دەخوێندرێتەوە. پەیوەندی کارکردنی ئەندامە بەڕێوەبەرەکانی ئەلقاعیدە پڕ لە ناکۆکی و بۆچوونی جیاواز بوون، هەروەک لە هەموو نووسینگەکانی جیهاندا دەبینرێت.

بۆ: عیزەت

لە: ئەیمان ئەلزەواهیری

بەروار: 11 شوبات 1999

برای خۆشەویست عیزەت

لێرەدا تێبینێکانی خۆمت بۆ دەنێرم دەربارەی حسابەکان، کە بۆتناردبووم...ببورە، بەڵام ئەمە هیچ ژماردنێکی ڕێکو پێک نییە، بەڵکو ئەمە ژماردنێکی زۆردارییە. بۆنموونە تۆ هیچ بەروارێک نانووسیت، وە زۆر خاڵ ڕوون نین. لێرەدا تێبینێکانم یەک بە یەک:

1 ـ تۆ بە هەمووی 22301 دۆلارت وەرگرتووە. بێگومان ناڵێیت چ کاتێک. لەم کۆیە تەنها بەشێکی کەمی بۆ چالاکێکانمان بەکارهێنراون. تۆ ئەو پارەیەت وەک خۆت ئارەزوت بووە، خەرجکردووەو بەشکردووە.

2 ـ پارەی مووچەدان دەگاتە 10085 دۆلار، ئەمەش لەسەدا 45ی کۆی پارەکەیە. من لە فاکسەکەمدا پێم ڕاگەیاندبووی...، کە ئێمە بە درێژایی پێنج مانگ تەنها نیوەی ئەوەمان بۆهاتووە. تۆ لەم بارەیەوە چی دەڵێیت؟

3 ـ قەرز گەیشتۆتە 2190 دۆلار.بۆچی قەرز دەدەیت؟ من بە ڕاشکاوی بە موحەمەد ساڵحم نەگوت بۆ کێشەی قەرز پەیوەندی بە منەوە بکات؟ لەسەر ئەم بابەتە بەڕاستی بە دووروودرێژی باسمانکرد...

4 ـ بۆچی 1573 دۆلار بۆ مانەوە لە ئوتێل خەرجکراون، کە تەنها یونس لێرەیە، کە دەتوانرا ببرێت بۆ جێگایەکی تر؟

5 ـ بۆچی ئامێرێکی فاکسی نوێت بە 470 دۆلار کڕیوە؟ دوو ئامێرە کۆنەکەی تر چیان لێهات؟ ئایا ڕێگەتپێدرابوو بۆ ئەم کارە؟

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

6 ـ تکایە روونی بکەرەوە، ئەم حسابەی تەلەفۆنکردنی مۆبایلە کە 756 دۆلارە چیە، کە تۆ هەروەها دەربارەی 300 دۆلاری تر حسابی پەیوەندیکردن باسدەکەیت؟
7 ـ خەرجی گشتی کە 235 دۆلارە. دەتوانیت بە وردی لیستی بکەیت؟

ئەو هەڵسوکەوتە ناسکە کاتییەی لەنێوان ئەلقاعیدە و تالیبانەکاندا لە ساڵی 2001دا وردە وردە نزیکتر و نهێنیتر بوو. مەلا عومەر تورە بوو بەو هێرشە مووشەکانی بۆ سەر شاری خۆست کرا، کە ئەمەریکێکان وەک تۆڵە لە لێدانەکانی بین لادن دژی باڵیۆزخانەکانیان لە کێنیا و تەنزانیا کردی. ئوسامە بین لادن دەستیکرد بە مەرایکردن بۆ مەلا عومەر: سەرۆکی تالیبانەکانی وەک خەلیفە دەنرخاند (ئەم پایەیە ـ گەورەی موسوڵمانان ـ لە کۆتایی دەوڵەتی عوسمانییەوە بەکار نەهێنرابوو) وە باسی ئەفگانستانی وەک ناوکی دەوڵەتێکی ئۆرتۆدۆکسی ئیسلامی لە ئاسیای ناوەڕاستدا دەکرد. بین لادن هانی مەلا عومەرد دەدا کە پەیکەرە کۆنەکانی بودا لە بامیان بڕوخێنێت، وە لە کۆتایشدا خواست و پیرۆزبایی بۆنارد.

بۆ: مەلا عومەر
لە: ئوسامە بین لادن
بەروار: 11 ی نیسان 2001
... من لە خوا دەپاڕێمەوە، دوای ئەوەی کە روخاندنی ئەو بتە مردو و کەروڵاڵانەی بڕیاردا، خواست بکات لە لەناوبردنی بتە زیندووە درۆزنەکانیشدا سەرکەوتنت پێ ببەخشێت، هەموو ئەوانەی کە دەبیستن و دەدوێن. خوا دەزانێت کە ئەم خوایانە مەترسییەکی زۆر گەورەترن بۆسەر ئیسلام و مۆنۆتۆیزم وەک لە بتە مردووەکان. لێرەدا لەپێش هەموویانەوە نەتەوە یەکگرتووەکان، کە بوون بە ئاینێکی نوێ، کە وەک خوایەک دەپەرسترێت. پەیامبەرەکانی ئەم ئاینە لە ئەنجومەی باڵای UN دا دادەنیشن... یو ئێن مەموو جۆرە سزایەکی ڕێتێچوو بەسەر ئەوانەدا دەدات، کە ئاینەکەیان وەرناگرن. دۆکومێنت و ڕاگەیاندن بڵاودەکەنەوە کە دژ بە باوەڕی ئیسلامن، وەک ڕاگەیاندنی جیهانی مافی مرۆڤ، کە تییدا باسی یەکسانی هەموو ئاینەکان دەکرێت وە روخاندنی بتەکان وەک تاوان لەقەڵەم دەدەن؟

لەژێر ئەمەشەوە ئەیمان ئەلزەواهیری لەهەوڵی پەیداکردنی پشتگیرییدا بوو لای جیهادێکانی تر ، پێش هەموویان لە لایەنگرەکانی ڕێکخراوەکەی خۆیدا جیهادی ئیسلامی ، کە بوو بە گەورەترین گروپی ئەلقاعیدە. جیهادییە میسرێکان لەبەر پەیوەندی زۆرنزیکیدا لەگەڵ بین لادن دوورەپەرێز لێی وەستان، ئاگاداریان کردەوە، کە مەیلی بین لادنیان بۆ خۆدەرخستن و ئاشکرابون ڕەتدەکەنەوە. لە هاوینی 1999دا ئەلزەواهیریان لابرد و ئەزموونناسی جەنگاوەر سەروەت شەحاسەیان لە جێی دانا، کە دەیویست پەیوەندیان بە بین لادنەوە کەم کەنەوە و خەبات دژی حوکمەتی میسری نەک ئەمەریکا بەڕێوەبەرێت. کەچی لەبەر کەمی پارەو باری خراپی ناو گروپەکە شەحاتە وازیهێنا، سەرەتای ساڵی 2001 دیسان ئەلزەواهیری سوکانەکەی گرتەوەدەست. ڕاگەیاندنێکی بۆ هەڤاڵەکانی لە جیهادی ئیسلامی نارد کە تیایدا تواندنەوەیەکی بەتەواوی لەگەڵ بین لادن و ئەلقاعیدەدا وەک «ڕێی ڕزگاری لە تەنگوچەڵەمە» پێشنیاردەکات. لە «زۆربوونی بەشی مۆنۆپۆلە جیهانییەکان لە بازاڕدا» ـ وا لێکدەرێتەوە مەبەست لە CIA و لە موخابەراتی میسری بێت. بەم تێکەڵاوبوونە دەتوانرێت قازانج ( پروپاگەندەی زۆرتر و لایەنگریی زۆرتر لەڕێی تێرۆرەوە ) بەرزبێتەوە.

بۆ: نەناسراو
لە: نەناسراو
بەروار: 3 مای 2001
ئەمەی خوارەوە کورتەیەکی بارمانە. هەوڵدەدەین بگەڕێینەوە بۆ چالاکیە سەرەکێکەمان [وادیرە بۆ تێکەڵاوبوونیان لەگەڵ ئەلقاعیدەدا]. گرگترین هەنگاو دروستکردنی مەکتەبەکە بوو[ئۆردوگای مەشق پێکردن]، کە دەستی کردووە بە وانەدانەوە. مامۆستاشمان بۆ ناردن کە توانایان هەیە، کاسبی پرقازانج بەڕێوەبەرن. بار زۆر دڵخۆشکەرە، جگە لە دوو مامۆستا کە بێگوێدان بەو شتانەی کە بۆمان کردن. زۆر نارازین. بەڵام ئێمە سەبرمان هەیە.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وەک دەزانیت بار لە دێیەکەدا [وادیارە مەبەست میسرە] زۆر باش نییە بۆ فرۆشیارەکان [جیهادیێکان]. خزمەکانی سەرووی میسرمان ئیتر لەبازاڕ ئیشیان نییە، وە مۆنۆپۆلی جیهانی ڕێیان لێ بڕیوین. لەبەر کەمی کەرەسە هەمیشە لەبەر هۆی هیچوپوچ لەناوماندا دەبێتە ناکۆکی. بە زۆر شاراندا بڵاوبووینەتەوە. بەڵام خوا بەزەیی پێماندا هاتۆتەوە. کاتێک کۆمپانیای برایانی عومەر [ڕژێمی تالیبان] کە خەڵکی ئێرەن بازاڕیان بۆ کاسبکاران کردەوە وە هەلیان بۆ ڕەخساندن، خۆیان ڕێکبخەن. کاریان ساغ بێت. لە کەڵکەکانی لێرە مانەوە ئەوەیە کە کاسبکار لەهەموو لایەکەوە لەشوێنێکدا لەژێر ناوی کۆمپانیایەکدا بەیەکەوە کاردەکەن، ئەمەش برادەرێتیی و هەرەوەزیی درووستدەکات، بەتایبەتی لەنێوان ئێمەو کۆمپانیای قۆنتەراتی عەبدوڵڵا [بێن لادن و هەڤاڵان]. نوێترین ئەنجامی ئەم هەرەوەزییە ئەم پێشنیازەی خوارەوەیە: چالاکی بازرگانی [جیهاد] لە دێکەدا پەرەپێبدرێت بە مەبەستی پاراستن لە سەرمایەدارە میانێکان. خستنەگەڕی سەرمایەی پ ـر کارکردن وە دوایش بەڵێندان بە کاری هەرەوەزی بۆ یەککگرتنی بازرگانی لە ناوچەکەماندا. لە گفتوگۆ ئاشکراوەکانماندا خزموکەسوکاریش دەتوانن بەشداربن. هەڤاڵەکانی خەڵکی ئێرە ئەمە بە هەلێکی باش دەبینن، بۆ بەرزکردنەوەی قازانج بە گشتی و لە دێیەکەدا بەتایبەتی.

پێشنیازەکەی ئەلزاواهیری گێژەڵووکەیەکی نارەزایی لە نێو ئەندامەکانی جیهادی ئیسلامیدا هەڵکرد، کە کاتی خۆی خەباتیان دژ بە حوکمەتی میسر بەڵێندابوو. ئەلزەواهیریان بەوە تاوانبارکرد کە گروپەکەیان بە ڕێگایەکی ترسناکدا دەبات.

بۆ: ئەیمان ئەلزاواهیری
لە: نەناسراو
بەروار: هاوینی 20001
برای خۆشەویست عەبدوڵڵا ئەلدایەم [ناوێکی تری ئەلزەواهیری]
...لەمەڕ پرسیاری قازانج و زەرەر من بەتەواوی ڕایەکی ترم هەیە. ئەمانە قازانج نیین. زۆرتر گاڵتەجارییەکی ئاشبەتاڵییە. بە بۆچوونی من بەرەو ڕێگایەکی نادیار دەچین، وەک ئەوەی بەگژ خێو و تەلارە چۆڵکراوەکاندا بچین. بەسە. ئەوەندە کەم بەسەر وڵاتێکی بێپیتدا هەڵنەدراوە.
پێویستمان بەوە نییە ڕوونی بکەینەوە تا کەی ئەم ڕێیە بەهیچ ئامانجێکمان ناگەێنێت. بێویستە لەسەرمان تەنها شوێنە چالاکەکانی کۆمپانیاکە لە سەرەتای دواهەمین قۆناخیەوە وەربگرین و بیسەلمێنین، چی تێدا ماوەتەوە. جوتیارەکانی لادێکەت بژمێرە [ وادیارە مەبەست شانەکانە] لە ناوچەی سەرەکیدا [وادیارە مەبەست میسرە] و بزانە، چەندیان ماون. سەیری پرۆژەکان بکە، لەوانەی بەدڵەوە تیایاندا بەشداربووی، گەر تەنها یەکێکیشیان سەرنکەوێت ـ جگە لەوەی بەدر ـ لە کێڵگە داپۆشراوەکان [کێڵگەی داپۆشراو بە نایلۆن... بۆ پاراستنی ڕووەک لە سەرما ـ وەرگێڕ]. کە تاڕادەیەک قازانجهێنەر بوون.

بێگوێدانە نارەزایی چەند ئەندامێکی جیهادی ئیسلامیە سەرەتای ساڵی 2001دا یەکبوون لەگەڵ ئەلقاعیدەدا کرا، وە لە حوزەیراندا گروپەکە «ڕاگەیاندنی ژمارە 1»ی دەرکرد، جۆرێک لە کۆنفێرانس بۆ مێدیاکان ( لەسەر هاردیسکەکە پاشەکەوتکراوە) کە تیایدا «هواپەیمانیی سەهیۆنی مەسیحی» لەسەری باسکراوە، کە بەم زووانە بە هەمان ئاگر دەسوتێن کە ئێستا پێی یاریدەکەن. مانگێک دوای ئەمە یەکێک ڕاگەیاندنێکی کورتی نووسیبوو بە ناونیشانی «چارەسەر»، کە تیایدا «چالاکی شەهیدان» وەک چەکێکی سەرەکی دژ بە ڕۆژئاوا ڕادەگەێنن. لە 23ی ئابی 2001دائەم پلانەی خوارەوە بۆ دانانی زانیاری کۆکەرەوەیەک لەسەی سنووری وڵاتە یەککگرتووەکان و کەنەدا بەم جۆرە دەربڕی:
بۆ: نەناسراو
لە: نەناسراو
بەروار: 23 ئۆگوست 2001
زانیاری تایبەتی بۆ براکەمان ئەبوبەکر ئەلئەلبانی [ئەلبانی]. ڕاسپاردەکە ئەمەیە: زانیاری کۆبکەرەوە دەربارەی
1 ـ سەربازە ئەمەریکێکان کە زۆرجار دەچنە نایت کلابەکانی دەوروبەری سنووری ئەمەریکا و کەنەدا.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

2 ـ باڵیۆزخانەی ئیسرائیل، کۆنسولات و سەنتەری کولتووریان لە کەنەدا.
3 ـ (ئەوەندەی لە تواناتدایە، خۆت بگەێنیتە ولاتە یەکگرتووەکان) لەسەر کۆنترۆلی سەربازیی ئەمەریکی یان لەسەر لەشکری ئەمەریکی لە ناوچەی سەر سنوور لە خاکی ئەمەریکادا.
4 ـ چۆنێتی بەدەست کەوتنی کالای تەقینەوە لە کەنەدا.

لە سەر هاردیسکەکە دیسان ڤیدیۆیەکی تیایە («the big job»)، کە تەنها چەند رۆژێک دوای لێدانەکەی 11س سێپتەمبەر تەواوکرابوو ـ مۆنتاژێک لە وێنەی تەلەڤیزیۆنیی لێدانەکە، بە موزیکێکی گورجوگۆڵەوە. رەمسی بین ئەلشیب ی یەمەنی بەیەکەوە لەگەڵ خالید شێخ موحەمەد پلاندانەری سەرەکی لێدانەکە، بەپەلە بەڵگەیەکی ئایدیۆلۆژی تەواونەکراوی کارەکەیان دارشت («*راستی دەربارەی جەنگی نوێی خاچپەرستان: روونکردنەوەیەک لەسەر کوشتنی ژنان و منالانی خوانەناسان*»):

کارەکەی سێشەممەی موبارەک [11ی سێپتەمبەر] ... رەوایە، چونکە دژی ولاتێک کراوە، کە جەنگ دژمان دەکات وە دانیشتوانی ئەم ولاتە خەباتکەرن. هەرکەسێ دەتوانێ بلێت، کە مرۆڤی بێتاوان دەبن بە قوربانی، پیرەکان ژنان و منالان، ئەم کردارە چۆن دەتوانرێت بە گوێرەی شەریعە مەحکومبکرێت؟ بەمە وەلام دەدەینەوە، دەستلێنەدانی ژنان، منالان و پیرەکان شتێکی بنبڕ نییە. بارومەرجی تایبەتی هەن...موسوڵمانەکان دەتوانن تۆڵەبکەنەوە، کاتێ ژنان، مانالان و پیری موسوڵمان لەلایەن خوانەناسانەوە هێرشدەکرێتەسەریان، کاتێ [ولاتێکی موسوڵمان] هێرشدەکرێتەسەری، کاتێ ناخەباتکەران لەم شەرە داکۆکیدەکەن، بە وتە و کار و هەرشێوەیەکی تر بێت، یان کاتێ بە چەکی قورس هێرشدەهێنن، کە لەنێوان خەباتکەران و خەڵکی سیڤیلدا جیاوای ناکەن...

بەوەی کە دەیزانین، کە رووداوەکان لە روانگەی ئیسلامییەوە رەوا بوون، پێویستە لەسەرمان وەلامی هەموو ئەوانە بدەینەوە کە لەژێر رەوشی کەلک لێوەرگرتنەوە پەسەندی ناکەن... کەلکوەرگرتن شێوەی زۆرە...ئەم ئۆپێراسیۆنە ئەمەریکای خستە ژێر بارێکی تەنگەژەی ئابوورییەوە کە تائێستا نەیدیبوو. زەرەی مادی یەک بلیۆن دۆلار دەبێت. ئەمەریکا بەم ئۆپێراسیۆنە دووهەزار کارکەری ئابووری ونکرد. راژەی بۆرسە بەیەکجاری دابەزیین، وە کۆنسوومی تایبەتی زۆر بەرەودوا گەرایەوە. دۆلار نرخی دابەزی، کۆمپانیای هێڵە هەوایکان بازاڕیان نەما. سیستێمی گلۆبالیزەبوونی ئەمەریکای، کە لەناودابوو بۆ جیهان تێکدان، روخا...

لەبەر سەدام و پارتی بەعس ئەمەریکا هەموو خەڵکی ئێرقی سزادا. ملیۆنەها موسوڵمانی ئێراقی بە بۆمبی ئەمەریکای و ئیابلۆقەی ئابووری ژیانیان لەدەستدا. وە لەبەر ئوسامە بین لادن ئەمەریکایکان هێرشیانکردە سەر ئەفگانستان بۆمبارانیانکرد و هەزارەها موسوڵمانیان کوشت...خوا دەفەرموێت، کە هێرشتکرایەسەر، بەرەنگاربببەرەوە و بەگوێرەی بەرامبەر تۆڵەبکەرەوە... کاتێ موسوڵمانان بەدەگمەن دژی ئەمەریکێکان دەبنەوە نابێت لە چوار ملیۆن کەمتر لەوانەی شەڕناکەن بکوژن یان پتر لە دەهەزار بێماڵ و حاڵ بکەن. دەبوایە بیر لەوە بکەینەوە، بۆئەوەی ئەو سزایەی [لەلایەن ئێمەوە دراوە] بەتەواوی بەرامبەر ئەوەبێت، کە چێژتمان. خوا خۆی دەزانێت چی باشە.

ئوسامە بین لادنیش هێشتا پێش رووداوەکە بەچەند هەفتەیەک لەسەر کۆمپیوتەرەکە نامە بۆ گەلی ئەمەریکانی دەنووسێت، کە تیایاندا روانگەی ئەلقاعیدە رووندەکاتەوە. هەمانشت بە زۆر دووورودرێژیی، لە نامەکانیدا بۆ مەلا عومەر دەنووسێت، لە پێستی ئامۆژکاریکەرێکی بەتوانای رامیاریدا، کە لە خزمەتی سەرۆکەکەیدایە:

بۆ: مەلا عومەر
لە: ئوسامە بین لادنەوە
بەروار: 3 ئۆکتۆبەر 2001
زۆر بەرێز رێپیشاندەری باوەرکەران، مەلا موحەمەد عومەر، جەنگاوەری بەرز، خوا ئاگاداریبێت....
1 ـ پەیامەکەتان بەرز دەنرخێنین، کە خۆ تەرخانکردنە لێبووردە و پاڵەوانێتیتان بۆ بەرگتیگرتن لە ئیسلام و خەباتتان بۆ دژی هێماکنی خوانەناسان لەمرۆدا.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

2 ـ دەخوازم بلێم، ڕاگەیاندنەکانتان چ مانایەکی بەرزی هەیە بۆ جیهانی ئیسلامی. هیچ شتێک ئەوەندە زەرەر بە ئەمەریکا ناگەیێنێت وەک وەڵامە بنەبڕەکاتان بەرامبەر هەڵسوکەوت و ڕاگەیاندنەکانی ئەمەریکێکان. لێرەوە زۆر گرنگە، کە میرنشینەکە بەرامبەر هەر مەترسییەک و داواکاریەکانی ئەمەریکا ببزوێت، ئەمەریکا دەبێت پشتگیریکردنیی بۆ ئیسرائێل کۆتایی پێبهێنێت و لەشکرەکەی لە عەرەبی سەعوودی بکێشێتەوە. ئەم جۆرە بەرهەڵدانەوەیە کاریگەریی مێدیا ئەمەریکێکان لەسەر مۆڕالی خەڵک ناهێڵێت. لە ڕاپۆرتی ڕۆژنامەکاندا دەبینرێت کە بەگوێرەی نوێترین گشتپرسی حەوت لە دەی لاوە ئەمەریکێکان دوای لێدانەکەی نیویۆرک لەژێر ئازاری دەرونیدان.

هەرچەندە بەڕێزتان هەڵوێستێکی بنەبڕتان هەبوو، تکاتان لێدەکەین ئەمانە بەشێوەیەکی توندوتیژتر دووپاتبکەنەوە، بۆئەوەی بەرامبەرێتییەکی یەکسان بدەن بە هێرشە مێدیاییەکەی دوژمن.

هەڕەشەی ئەمەریکێکان، هێرش بکەنە سەر ئەفگانستان، دەبێت بە هەڕەشەیەکی ئێوە وەڵام بدرێتەوە، بۆئەوەی ئەمەریکا بیر لە ئاسایشبوون نەکاتەوە، ئەوەندەی موسوڵمانان لە فەلەستین و ئەفگانستان هیچ ئاسایشیان نییە.

3 ـ لەبیرتان نەچێت کە ئەمەریکا لەهەمانکاتدا ڕووبەڕووی دوو گرفتی دژبەک بووەتەوە:

ا) گەر لێدانەکانی جیهاد وەڵام نەداتەوە، ناوبارێتیی لەدەست دەدات. لەشکرەکانی لە وڵاتانی تردا دەکێشێتەوە و دەبێت خۆی بە کاروباری خۆیەوە خەریکبکات. بەمەش ئەمەریکا خۆی لە زلهێزێکەوە دەگۆڕێت بە هێزێکی پلەی سێهەم وەک ڕووسیا

ب) لەلایەکی تریشەوە جەنگ دژ بە ئەفگانستان گرفتی ئابووری دورودرێژ لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، ئابووری بەرەو ڕوخان دەچێت، بەوشێوەیە کە ئەمەریکا تەنها ئەوەی بۆدەمێنێتەوە، کشانەوە لە ئەفگانستان و لەناوچوون. بە ڕوانینێک لەم جەنگە دەبێت ئێمە لەم شتانەی خوارەوە وردبینەوە:

ـ دەگەیەکی گران بدەین لە ئابووری ئەمەریکا، کەواتە ئابووریان بەردەوام لاوازبکەین و دڵنیایی لە ئابووری ئەمەریکی بلەقێنین. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە سەرمایەدارانی تر لە ئەمەریکا پارەکانیان ناخەنەگەڕ وە بەشداری کۆمپانیا ئەمەریکێکان ناکەن، ئەمەش دەبێتە خێراکردنی شکاندنی ئابووری ئەمەریکا.

ـ پڕوپاگەندەیەکی مێدیایی دژ بە ئەمەریکا بخرێتەگەڕ، کە لەم دوو خاڵەی خوارەوەدا ئەکدەگرنەوە:

اـ چاڵێک لە نێوان گەلی ئەمەریکاو حوکمەتی ئەمەریکادا هەڵکەندرێت، کە تیایدا پیشانی ئەمەریکیان بدرێت، کە حوکمەت بۆ لەدەستدانی تری پارە و ژیانی مرۆڤ مشووردەخوات، کە حوکمەت مرۆڤەکان لەبەر بەرژەوەندی دەوڵەمەندەکان، بەتایبەتی جولەکەکان، بەقوربانی دەدات، کە حوکمەت دەیانێرێت بۆ جەنگ، کە ئەمەریکا دەبێت لەو جەنگە بەرامبەرییەی موسوڵمانان و جولەکەکاندا خۆی بەدووربگرێت.

بەم شێوەیە دەبێت ئەوە بەدەست بهێنرێت کە گەلی ئەمەریکی فشارکردن بەسەر حوکمەتدا بخاتەگەڕ، بەوەی جەنگ دژ بە ئەفگانستان کۆتای پێبهێنێت، چونکە خەڵکەکە بەم جەنگە قوربانی زۆریان لێدەکەوێت.

دەبێت بەهەرشێوەیەک ڕوونبێت کە ئێمە بەرامبەر بەو شەڕەی دژ بە ئەفگانستان بە لێدانی تۆڵەکردنەوە وەڵام دەدەینەوە.

من لەو باوەڕەدام، گەر بەڕێزتان پەسەدی بکەن، چەند ڕاگەیاندنێک بدەن، کە کاریگەری گەورەی دەبێت بۆسەر ئەمەریکێکان، پاکستانێکان، عەرەبەکان و موسوڵمانەکان.

لەکۆتاییدا دەمەوێت دانیپێدابنێم، ئێمە چەند ئێوە بەرزڕادەگرین، کە بەڕێزتان ڕێپیشاندەری باوەڕکەرانن. دەخوازم دڵنیاتان بکەمەوە، کە چەند هەڵوێستە مێژوویکەتان لە خزمەتی ئیسلام و داکۆکیکردنی نەریتی پەیامبەر بەنرخ دەخەملێنین. لە خوا دەپاڕێینەوە ئەم هەڵوێستە پەسەندبکا و پاداشتی بداتەوە.

لە خوا دەپاڕێینەوە نەتەوەی موسوڵمانی ئەفگانستان لەژێر ڕابەربەرێتییداندا سەرکەوتنتان بەسەر ئەمەریکییە خوا نەناسەکاندا پێبەخشێت. هەروەک چۆن ئەم نەتەوە پڕ لە سەربەرزییەی بۆئەوە هەڵبژارد، کۆمۆنیستە خوانەناسەکان بڕوخێنێت.

ئەلسەلام و عەلەیکوم وە ڕەحمەتوڵڵاهی وە بەرەکاتوهو

براتان

ئوسامە بین لادن

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com